# ئایا زەڕافە دەتوانێت گۆرگ و مەڕ ئاشت بکاتەوە؟

**ئاسۆ بیارەیی سوێد**
**2006-11-8**

ئەنتۆنی گیدنس کە ڕاوێژکاری تۆنی بلێره و پلەی پڕۆفیسۆری لە زانستی کۆمەڵناسیَ هەیە لە بەریتانیا(Giddens 2003, s. 375-378)، بەم جۆرە باسی پێوەندی نیوان دەسەڵات و جەماوەر دەکات: کە دەسەڵات نەیتوانی داخوازیەکانی جەماوەر جێبەجێ بکات، جەماوەر بە ناچاری پەنا دەباتە بەر ئۆرگانیزەکردنی خۆی و ڕێکخراوی تایبەتی پێکەودەنێت.

دەسەڵاتی دۆگم و نەگۆڕی باشووری کوردستان، کە شێوازی بنەماڵەیی و تایفەگەری وەرگرتووە و ئاسۆی گۆڕانی بنەڕتی لە خۆی و گەلی کورد داخستووە، جەماوەری کوردی دووچاری قەیرانگەلێک کردووە، کە بۆ ڕیفۆرمکردن و چاککردنەوەی کارێکی سەخت و بێ وچانی دەوێت. بەڵکو شورایەکی لە نێوان خۆیی و جەماوەر دروستکردووە و زۆر لە ئامانجەکانی گەلی کوردی باشووری پشت گوێ خستووە. دەرهاویشتەکانی بەکارهێنانی دەسەڵاتی باشووری کوردستان بەسەر گەلی کوردا، ئەنجام گەلێکی نەگەتیڤ و خراپی لێکەوتووەتەوە، لەوانە:

- دارمانی پردی دەرونی و کۆمەلایەتی پێوەندی و ئاخافتن کە پێویستە بۆ نێوان جەماوەر و دەسەڵات.
- لە دەستدانی بڕوای جەماوەر بە دەسەلات و کێشەی نەتەوایەتیەکەی. چونکە دەسەڵاتێک کە گەندەڵ و دۆگم بێت، کوێرە لە ئاست داخوازیە هەنووکەیی و داهاتووەکانی گەل.

کەواتە گوێ نەدانی دەسەڵات بە جەماوەرەکەی خۆی، دەبێتەو هۆی ئەوەی کە جەماوەر بۆ ئەوەی دەسەڵات گوێی لێبگرێت، پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی زمانی گورگ ، لێرەدا دیسان دەسەڵات تاوانباری یەکەمە، چونکە پابەندی داخوازیەکانی جەماوەر نیە. هەر تاکێکی کۆمەڵگەش چووە سەنگەری ئەو دەسەڵاتەوە کە خزمەتی جەماوەر ناکات، جەماوەر بە زمانی گورگ قسەی لە گەڵ دەکات و ئەو پێگە زیندووەی نامێنێت کە جاران هەیبوو. لێرەدا زەرافەش فریای ناکەوێت، چەند شێوە زمانی نەرم و نیان بەکاربەرێت، چونکە سەنگەری خۆی گوڕیوە و پشتی لە جەماوەر کردووە.

نووسەری زمانی گورگ و زمانی بازاڕ(مەهاباد قەرەداغی، ماڵپەڕی دەنگەکان، 2006-10-30 کوردستان) بۆ پاڵپشتی شیکردنەوەکەی ڕاشکاوانە هانا بۆ کۆمەڵێک ناو و ووتە دەبات بۆ ئەوەێ بنچینەی قسەکانی بەهیزبن. بەڵام سەیر لەوەدایە، کە نووسەر ناوی ئەو سەرچاوانەی لە کۆتایی نووسینەکەی نەنووسیووە. کە گۆمان لای خوێنەر دروست دەکات لە ڕاستی ئەو سەرچاوانە، کە خۆی بابەتەکەی ناو ناوە شیکردنەوە. من لێرەدا هەندێ سەرچاوە دەخەمە بەردەم خوێنەران کە هەمان بابەتن کە دەبوو نووسەر ئاماژەیان پێبدات بۆ ئەوەی ئەو گومانە لای کەس دروست نەبێت. بۆ نموونە سایتی www.goteborg.se باسی زمانی زەرافە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات. هەروەها(*Torkel* Ekman) هەمان بابەت باس دەکات کە نووسەر مەهاباد قەرەداغی باسی دەکات. لێرەدا دیسان گرنگی سەرچاوە دەردەکەوێت تاکو خوێنەر بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ خۆیندنی و سەری لێ نەشێوێت.

لە بەر ئەوەی خودی نووسەر یەکێک بوو لەو نووسەرانەی کە چالاکانە ڕەخنەی لە دەسەڵات دەگرت و ئێستا سەنگەری بێدەنگی هەڵبژاردووە، لە پەنا هەمان دەسەڵاتدا بانگەشەی زمانێکی نەرم و نیان دەکات بۆ ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات ، ئامانجی ئەم شیکردنەوەیەی( زمانی گورگ و زمانی بازاڕ) هیچ کاریگەرێکی ئەو تۆی نابێت لە سەر هزرو هەڵوێستی خوێنەران. ئەمە هێرشکردن نیە بۆ سەر خودی نووسەر، ئەوە ڕاستێکە کە دوور نیە هەمان نووسەر و ڕۆشنبیرانی تر، کە داکۆکی لە دیموکراتیەتی دەسەلات دەکەن ڕۆژانە پەشیمانی ئازاری دەرونیان دەدات.

کارەسات لە وەدایە کاتێک نووسەرێک یان ڕۆشنبیرێک خۆی بە ڕابەر و ووتەبێژی ئازادی و دیموکراتی دەزانێت، پەپێ بەرژەوەندی و پلەی خۆی بەرگری لە دەسەڵاتێک بکات کە تا سەر ئێسکی دژی دیموکراتی و ئازادی بێت کاربکات. کارەسات لە وەدایە کە ئەو جۆرە نووسەر وڕۆشنیرانە کاربکەن بۆ گومڕاکردنی خەڵک و دەروازەکانی هوشیاری دابخەن و ڕێگەی داهێنان سەرکوێربکەنەوە.

نووسەر لە نووسینی دووەمیدا(لیبراڵیزەکردنی دیموکراتی،2006-11-5 هەولێر) هەمان هەڵە دووبارە دەکاتەوە و هیچ سەرچاوەیەکی زانستی بۆ متمانەی بۆ چۆنەکانی ناخاتە بەردەم خوێنەران. نووسینی سەرچاوە لە دنیانی ئەکادیمی مەرجێکی زانستیە بۆ بە پیت بوونی ئەو بابەتەی لە سەر دەنووسرێت. ساغکردنەوە سەرچاوە پێویستێکە نابێت لە بیر بکرێت.

لێرەدا دیسان من مەبەستم لەوە نییە کە لە بەهێزی نووسینی نووسەری ناوبراو کەم بکەمەوە، بەڵام ئەوانەی کە لە پاشینە و ئێستەی نووسەری ناوبراو ئاگادارن، بەو جۆرە لەم دوو شیکرنەوەیە تێدەگەن، کە نووسەر لە سەنگەری دەسەڵاتەوە بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی دەسەڵات و بەرژەوەندی تەسکی تایبەنی خۆی دەکات.

سەرچاوەکان

1 – زمانی زەڕافە کێشەکان چارەسەر دەکات: Giraffspråket löser konflikter
http://www.goteborg.se/prod/sk/skolutvecklingsenheten/dalis2.nsf/vyFilArkiv/Milj%C3%B6.Oscar-Fredsk.22-25.pdf/$file/Milj%C3%B6.Oscar-Fredsk.22-25.pdf

2-بزوتنەوە جەماوەریەکان:
Giddens, A. (2003). *Sociologi.* Lund: studentlitteratur.

3- مەهاباد قەرەداغی :لیبرالّیزەکردنی دیموکراتی،5-11-2006 هەولێر:
http://www.dengekan.com/doc/2006/11/mahabad7.pdf

5- زمانی گورگ و زمانی بازاڕ(مەهاباد قەرەداغی، مالّپەڕی دەنگەکان، 30-10-2006 کوردستان)
http://www.dengekan.com/doc/2006/10/mahabad31.pdf

6- تۆرکەل ئێکمان: ئاخافتن سەرچاوەی تێگەیشتنە>Kommunikation grunden till förståele
http://www.svf.se/SVT/Tidigare%20SVT-nr/Ledare/2005%20-%20nummer%2012.aspx